ئاگادارییەک بۆ خانەنشینانی سنووری پارێزگای سلێمانی



بەشی ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی سلێمانی، ئەمڕۆ سەشەممە لە ئاگادارییەکدا بەاویکردووە، داوا لە سەرجەم بانکەکانی دابەشکردنی مووچەی خانەنشینی لە سنووری ئەو پارێزگای سلێمانی دەکەین، سەرجەم ئەو خانەنشینانە ئاگادار بکەنەوە کە بایەمتریان نەکردووە.

ئاماژەی بۆشکردووە، پێویستە ئەو خانەنشینانە لە ماوەی هەفتەیەکدا سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکە بکەن بۆ مۆبەستی دروستکردنی کەدی بایەمتری.

ئەمەش لە کاتەکدایە، لە ئێستادا پێکردنەوەی فەرمی وەرگرتنی زەوی بۆ خانەنشینان دەستیپێکردووە، پرۆسەکەش تا ١٥ی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت.

مەرجەکانی وەرگرتنی فەرمەکەش بۆ خانەنشینان بەم شێویە دەبێت:

تەنیا ئەو خانەنشینانە دەتوانن فەرمەکان وەربگرن کە لە ژیاندا ماون.

ئەو خانەنشینانەی فەرم پێدەکەنەوە نابێت پێشتر بە هیچ جۆرێك سوودمەند بووبن لە وەرگرتنی زەوی.

پێویستە فەرمانبەری خانەنشینکراو فەرمەکان لە لای فەرمانگەی خانەنشینی پێیوەندیدار لە شار و شارۆچکەکان بگەنەنتەوە.

نا بەت فەرما نبەری خا نەنشینکراو پێشتر لە وەرگرتنی زەوی سوودمەند بووبێت.